# ئامانج لە یەكخستنەوەی هەردوو ئیدارەی!! هەولێرو سلێمانی چی یە؟

**عبدالله مەحمود**
abdollamahmud@yahoo.com

بەپێی ڕاگەیاندنەكانی یەكێتی و پارتی وا بریارە لە سەرەتای ئەم مانگەدا هەردوو ئیدارەی هەولێروسلێمانی یەكبگرنەوەو"حكومەتی یەككرتوی هەرێم" ڕابگەیەنرێت.

دیارە یەكێك لە ئاكامەكانی ئەو ئالوگۆڕەی بەكۆتایی ڕژێمی قەومی عەرەبی بەعسی دڕندە،لە چوارچێوەی جەنگخوازی ئەمریكادا لەساحەی عێراقدا ڕوویدا،لە عێراقدا، كۆتایی هاتنە بەوەزعیەتی هەڵواسراو سەرگەردانی زیاتر بەدوانزە ساڵەی كوردستان، هاوكاتیش كۆتایهێنانە بە پاسەوانیەتیەك كە ئەحزابی قەومی كورد لەو ماوەیەدا پێیان سپێردرابوو.

ساڵی 1991 ئەحزابی ناسیونالستی كورد، هەموو چرای ئومێدی خۆیان گرێدا بە جەنگخوازی ئەمریكاوەو لەپاڵ ئامانجە دژی ئینسانیەكانیەوە وەستان. جەنگخوازی و بۆشی باوكیان وەكو فریشتەو ڕزگاری خەڵكی كوردستان دەناساند،هەروەكو ئەم دەورەیە بەڵێنی ئایندەی باش و خۆشگوزەرانی و ئازادیان ئەدا بە خەڵكی كوردستان ، لەو چوارچێوەیەدا كەوتنە پێشوازی لە سیاسەت و تەرحی ئەمریكا،ولەو نێوەشدا چونە پێشوازی لە تەرحی دانانی" ناوچەی ئارام".

لەوكاتەوە تا لەبەین چونی ڕژێمی بەعس ،كوردستانی عێراق بوو بە نائارامترین شوێن لە كۆمەڵگای عێراقدا، بوو بەكۆمەڵگایەكی بێناونیشان،بەكۆمەڵگایەكی هەڵواسراو و لە چاوەروان ڕاگیراودا.

خەڵكی كوردستان حەقی هاوڵاتی بوونیان لێسەنرایەوە،دیار نەبوو ئەم خەڵكە سەر بەكوێن.نەكوردستان وەكو وولاتێك بەرەسمی ناسرا و نە بەشێكیش بوو لە عێراق، بۆیە لەشكركێشی وولاتانی ناوچەكەو باندەكانیان بوو بە ئەمری واقع،بەڕێوەچونی ژیانی خەڵكی لە حاڵەتێكی نۆرماڵەوە بوو بە چاو لەدەستبوونی كۆمەكی ڕێكخراوە ئینساندۆستەكان،كار وەستا،یاسا "بەهەر ناوەرۆكێكەوە"زیندە بەچاڵكرا، زۆری چەك بوو بەیاسای نەفرەتلێكراو،لەجێ ی حكومەت و دەوڵەت"حكومەت و دەوڵەت بە هەر ناوەڕۆكێكەوە"دەسەڵاتی حزبی و میلیشیا جێگای گرتەوە،لەهەموو ئەمانە واوەتر كێشەی خەڵكی كوردستان لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتیەوە هێنرایە خوار بۆ مەسەلەی كێشەی ئاوارەكانی كورد، وهاوكاتیش خەڵكی كوردستان لە ماف هاوڵاتی بوون بێبەشكران .

یەكێتی وپارتی ،بۆ خۆڵكردنە چاوی خەڵكی كوردستان و ڕای گشتی كەوتنە هەوڵدان بە پۆشینی بەرگی یاسایی.بۆئەو مەبەستە مەسەلەی هەڵبژاردن و پەرلەمانیان هێنایە گۆڕ، هەڵبژاردنیان سازكردو خەڵكی كوردستانیش بە خۆشباوەریان بەو بەهەشتەی ئەو حزبانە وەعدەی دروستكردنیان پێدەدان چونە بەردەم سندوقەكانی هەڵبژاردن، سەرئەنجام پەرلەمان و پاشان حكومەت پێكهێنران.بەڵام بە جیا لە كێشەی مێژووی نێوان پارتی و یەكێتی بۆدەسەڵاتی زیاتر، بەو هۆیەوە كە حكومەت و پەرلەمانی بێدەوڵەت و بێجغرافیای پێناسەكراو، بێ بوونی حەقی هاوڵاتی بوون، لە كارتۆنێك زیاتر نەیدەتوانی شتێكی تر بێت، بۆیە زۆر زوو چوارچێوەی كارتۆنی ئەم حكومەت و پەرلەمانە بونە ژینگەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی. شەڕ سەرەتا لەناو هۆڵی پەرلەمان و چوارچێوەی ئیدارەی حكومەتدا دەستی پێكرد، پاشان بەڕێوەبەرانی حكومەت و ئەندامانی پەرلەمان بوونە داستان خولقێن!! و قارەمانانی بەرەكانی جەنگ و پێش لەشكری وولاتانی ناوچەكە ،حكومەت و پەرلەمانیش ئاسەوارێكیان نەمایەوە. جغرافیای كوردستان و خەڵكەكەشیان كردە دووبەش و بادینان و سۆرانیان لێدروست كردن.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆشدا، دووئیدارەی حیزبی لە ژێرناوی حکومەتدا، هێڵرانەوە. دوای سەدان کۆبونەوەی لیژنەی "باڵای ئاشتی!!"و دەیان کۆبونەوە لە ژێر چەتری گەورەبەرپرسانی ئەمریکادا بۆ جێبەجێکردنی (ڕێکەوتنامەی واشنتۆن)کە سەرانی یەکێتی و پارتی وەکو هەتوانی چارەسەری سەرجەم کێشەکانی نێوان خۆیان و خەڵکی کوردستان ئیدعایان دەکرد، کۆبونەوەکان بەشوێنێك نەگەیشتن. نەك ئیدعای هەڵبژاردنەوەو پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش بەڵکو لەسەر چارەنووسی دیل و بیسەروشوێنەکان ودەیان مەسەلەی لاوەکیش بەشوێنێك نەگەیشتن. تەنانەت ئەوەش کەوای کرد شەڕی ناوخۆ ڕابگرن زۆرتر مەسەلەی بەتالانبردنی داهاتی "نەوت بەرامبەر بە خۆراك"ی بەشی خەڵکی کوردستان بوو،کە یەکێتی وپارتی بۆ ئەم بەتالانبردنە دڵسۆزانە دەستیان خستە ناودەستی یەکتری.

ئەوە کە ئێستا بڕیارە ئیدارەکانیان بکەنەوە بەیەك،بە ئەندازەی تاڵە دەزویەك پەیوەندی بە خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە نەك نیە،بەڵکو پیلانێکە بۆدرێژەدان بەدەسەلاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا،بەلام لە چوارچێوەی هەلومەرجی تازەدا.

ئەگەر هەلومەرجی هەڵواسراوی $12$ساڵەی ڕابردوو،وە دەسەلاتی ئەحزابی میلشیای قەومی وەکو کارتێکی گوشار پێویست بوو بەدەست ئەمریکاوە بۆ کێشمەکێشی خۆی لەگەڵ ڕژێمی دڕندەی بەعسدا، ئەوا بەنەمانی ڕژێمی بەعس ئەم کارتە مەوزوعیەتی نەماوە وکۆمەڵگای کوردستانیش دەبێ ناسنامەی حقوقی بۆ بگێردرێتەوە،وە لە چوارچێوەی عێراقدا وەکو ولاتێك و دەوڵەتێك پێناسە بکرێتەوە.ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە یەکیتی و پارتی باش ئەمە ئەزانن و ئەمەش بەمانای کۆتاییهێنانە بەدەسەلاتی میلیشیایی و حیزبیان، دیارە یەکخستنەوەی ئیدارەکان و پاشان ئیدعای پێکهینانی حکومەتی هاوبەشی یەکێتی و پارتی،لەکاتێکدا کە ڕۆژانە دەسەلاتیان لێدەسەنرێتەوەو ژێرپێیان خاڵی دەکرێت،لە ڕوانگەی هەر ئینسانێکی هوشیارەوە،گاڵتە جاریەکی منالانەیە. ئەوەی کە بریارە رووبدات و یەکێتی وپارتی ناوی دەنێن یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە،جگە لە خۆکۆکردنەوە بۆخۆجوتکردن لەگەڵ داوای ئەمریکاو لایەنە هاوپەیمانەکانی تریان شتێکی ترنیە،ئامانجیش لەو خۆکۆکردنەوەیە، ئامادەکاریە بۆ بەش پێبران لە دەسەلاتی حکومەتی عێراقی تازەدا.

بێگومان بەشە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد بەشێك دەبێت لە دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی،هیچیش لەوە ڕۆشنتر نیە کە دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی داهاتووئەگەر ئەو خێڵە لە حزب و لایەن و دەستەو تاقمی کۆنەپەرستی قەومی ودینی و عەشیرەتی و کۆنەبەعسیەکان،بەدەستیەوەبگرن،ئەوا ئاشکرایە ئەم دەسەلاتە هەڵگری چ سیناریۆیەکی ڕەشە بۆسەرجەم خەڵکی مەحرومی عێراق، لەو نێوەدا جگە لە کارنامەی ڕەشی دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی قەومی کورد کە بۆ هەموو خەڵکێکی شەریف و ئازادیخواز ئاشکرایە،و بەشێکیشە لەو خێڵە کۆنەپەرستانەیە، ئەوا ئەمجارە ناسیونالیزمی کورد دەبێ وەکو هێزی گوێ لەمستی حکومەتی سەراسەری، یەکگرتوانە ئەوەندەی بۆیان بکرێت شەڕی خواستە بەرهەقەکانی خەڵکی کورستان بگرنە ئەستۆ و سەرکوتی هەر بزوتنەوەو ناڕەزایەتیەکی خەڵکی کوردستان و مخالفینی دەسەلاتی مەرکەزی و خۆیان بکەن لە دەورەی تازەدا.

ئەوەش ڕۆشنە،دەسەلات و حکومەتی مەرکەزی داهاتووی ژێرسایەی گەورە بەرپرسانی ئەمریکا، لە هەلومەرجی تازەدا ناتوانێ قبوڵی ئیداراتی حزبی و میلیشیای ئەحزاب بکات،گومانیشی تیا نیە کەیەکیتی و پارتیان لەوە ئاگادارکردۆتەوە.

یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی حزبی سلێمانی و هەولێریش بەشێکە لەو پرۆسەیە و یەکێتی و پارتی ئەبێت هەرچی زووە ئەم کارە بکەن، بەبێ ئەوە هەم لەلایەن ئەمریکاو هەم لەلایەن هێزو لایەن کۆنەپەرستەکانی هاوپەیمانیان ، ڕەتدەکرێنەوە. ئەمەش بەمانی مەرگی بەشە دەسەلاتیان دەبێت لە حکومەتی داهاتوودا،بۆیە

یەکێتی و پارتی بە نیگەرانیەوە دەبێ دەسەڵاتی ئێستایان تەسلیم بکەنەوەو نەخشەی بەشە دەسەڵاتی سبەینێ ی حکومەتی تازە قبوڵ بکەن. یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە ئەو ئەمری واقعەیە.

ئەمەش نەك هیچ قازانجێکی خەڵکی کوردستانی تیانیە،بەڵکە ڕاستەوخۆ خەڵکی کوردستان دەخاتەبەردەم هەلومەرجێکی دژوارتر،ئاخر ئەگەر زیاتر لە 12 ساڵە ناسیونالیزمی کورد سات و سەودا بە خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە ئەکات،و لە خۆش خزمەتیدا بۆ وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو نۆکەرایەتی تاقانەیە، ئیرادەی خەڵکی کوردستان وردوخاش و بەری رەنج و داهاتیان بە تالان دەبات، وە هەوڵیدەدا فەزای نیمچە ئاوەڵای سیاسی کوردستان کە بەرهەمی خرۆشانی جەماوەری ئازاری 1991بوو،وەکو مەکرەمەی دەسەڵاتی کوردی تۆماربکات ، ئەوەندەی لە تواناشی دابوو دریغی نەکرد لە سەرکوتی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵك و بەرگریکردن لە یاساکانی بەعس و زیندوکردنەوەی تایەفەگەری و عەشیرەتگەری ولاواندنەوەی ئیسلامی سیاسی، ئەوا ئەمجارە ناسیونالیزمی کورد لە بەرەیەکی کۆنەپەرستانەی فراوانترو سەراسەری تردا، دەبێ هەموو ئەو مەئموریەتانەی دەسەڵاتێکی ڕەش پێویستیەتی بێ سێ ودووکردن ئەنجام بدات،و ئەمجارە سەروەری سیادەی حکومەتی عێراق و"دەسکەوتەکانی پرۆسەی ڕزگارکردنی وولات"!!بپارێزی.

خەڵکی کوردستان، کە شایەدحاڵی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردن، بەشەڕو بەئاشتیەوە، بەیەك حکومەتی و دوو حکومەتیەوە،بەدەسەڵاتی لاوی و پیریەوە،وەلە هەموو بارەکاندا ژیان و گوزەرانیان دژوارو تاڵ و بێماف هەمەلایەنە بووە،دەبێ لەم دەورە تازەیەو سیناریۆ نوێیەدا کە بەڕێوەیەو هەرڕۆژە گۆشەیەکی نمایش دەکرێت، هیچ جۆرە دەسەڵاتیکی سەروی خۆیان چ لە ئاستی سەرسەری بێت یان محەللی بەڕەسمی نەناسن.

بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان کاری خودی خەڵکی کوردستانە.هەر حکومەتێك و لایەنێك ئەم ماف بڕیاردانە بەڕەسمی نەناسێت ،دەبێ بکەوێتە بەرامبەر بە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە،یەکێتی و پارتی پاش ئەو هەموو ڕۆژڕەشی و بێماف یە کە لەماوەی دەسەڵاتداریێتی خۆیاندا بەسەر خەڵکی کوردستانیان هێنا،دیسان دەیانەوێت خۆیان وەکو ڕیش سپی و دەم ڕاستی خەڵکی کوردستان بناسێنن بۆبەش پێبڕان لە دەسەڵاتی حکومەتی تازەدا،خەڵکی کوردستان نەك نابێ ئەمە ڕێپێبدەن،بەڵکە دەبێ لە ئێستاوە خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئامادەبکەن. ئەمەش بەر لەهەموو شت پێویستی بە جیاکردنەوەی ریزی یەکجاری خۆیان لە سیاسەت و ئاسۆی ناسیونالیزم کورد دەست پێدەکات،وە بەهاتنە مەیدان و وەڕی خستنی بزوتنەوەی سەربەخۆی جەماوەری بەدەست دێت، دەبێ خەڵکی کوردستان بۆ ئەو نەبەردە کە سبەینێی پێوە بەندە هوشیارانە لە ئێستاوە لە مەیداندا بن.